# پەتاکان

دەرچوون ٧ – ١٠

(بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیرێ) ئەم پەندە کوردیە دیراسەتەکەمان لە نووسراوە پیرۆزەکان کورت دەکاتەوە. ئایا دەکرێ بەری ڕۆژ بە بێژگ بگرێ؟ نەخێر. ئەمڕۆ دەبینین چی ڕوو دەدات کاتێ کە فیرعەون، پاشای میسر، هەوڵی دا شەڕ بکات دژی پەروەردگار خودا، ئەوەی موسا لەسەری نووسیوە و دەڵێ: (چیایە، کردارەکانی تەواوە، چونکە هەموو ڕێگاکانی دادپەروەرە، خودایەکی دڵسۆز، ستەمکاری تێدا نییە، ڕاستگۆ و ڕاستە ئەو.) (وتەکان ٣٢: ٤)

لە وانەی ڕابردووماندا، بینیمان چۆن خودا موسا و هارونی نارد بۆ لای فیرعەون بۆ ڕزگارکردنی گەلی ئیسرائیل لە کویلایەتیان لە میسر. بە فیرعەونیان وت: (خوداوەند خودای ئیسرائیل وا دەڵێت، بهێڵە گەلەکەم بڕۆن، تا لە چۆڵەوانی جەژنم بۆ بگێڕن.) بەڵام، فیرعەون ووتی: (خوداوەند کێیە تا گوێ لە قسەی بگرم و بهێڵم ئیسرائیل بڕوات؟ خوداوەند ناناسم و هەروەها ناهێڵم ئیسرائیل بڕوات.) (دەرچوون ٥: ١، ٢) بەکورتی، خودا سوور بوو لەسەر ئازاد کردنی گەلی ئیسرائیل، لەکاتێکدا فیرعەون سوور بوو لەسەر هێشتنەوەیان بە کۆیلایەتی. بەڵام، بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیرێ!

با ئێستا بگەڕێینەوە پارچەی دووەمی تەورات، سیپارەی دەرچوون بەشی حەفت، بۆ ئەوەی بزانین چۆن فیرعەون هەوڵی دا بەری تیشکی ڕۆژی خودا بگرێت. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ:

(دەرچوون ٧) [١] جا موسا و هارون هاتنە لای فیرعەون و چۆن خوداوەند فرمانی پێکردبوون ئاوایان کرد، هارون گۆچانەکەی فڕێدایە بەردەم فیرعەون و خزمەتکارانی و بوو بە مارێکی شاخدار. [١١] فیرعەونیش بانگی دانایان و سیحربازانی کرد، ئیتر جادووگەرانی میسریش بە ئەفسونەکانیان هەمان شتیان کرد. [١٢] هەریەکە گۆچانی خۆی فڕێ دا و گۆچانەکانیان بوون بە ماری شاخدار، بەڵام گۆچانەکەی هارون گۆچانەکانی ئەوانی هەڵلوشی.

سەرنجی سەرەتای ئەم (کێبڕکێیە) بدە لە نێوان فیرعەون و خودا. لە لایەك، فیرعەون و پیاوە دانا و سیحربازەکانی، و لەلایەکی تر، موسا و هارون. لە پاش ئەوەی گوچانەکەی هارون بەشێوەیەکی سەیر بوو بە مار، سیحربازەکانی فیرعەونیش لاساییای موعجیزەکەیان کردەوە بە هاویشتنی وێردەکانیان. هەریەکە گۆچانی خۆی فڕێ دا و گۆچانەکانیان بوون بە ماری شاخدار، بەڵام گۆچانەکەی هارون گۆچانەکانی ئەوانی هەڵلوشی.

دەتوانین چی بڵێین دەربارەی ئەم هەموو شتە؟ دەزانین کە ئەو شتە سەیرانەی موسا و هارون ئەنجامیان دا لە لایەن خوداوە بوو. بەڵام، سیحرباز و جادووگەرانی فیرعەونیش موعجیزەیان ئەنجام دا. ئەو هێزەیان لە کوێوە بۆ هات؟ لە لایەن خوداوە بوو؟ نەخێر! خودا دژ بە خۆی ناوەستێ. ئەی باشە ئەو هێزەیان لە کوێوە بۆ هات؟ سیحرباز و جادووگەرانی فیرعەون پشتیان بە هەڵخەڵەتاندن دەبەستا و ئەو هێزەی لە شەیتانەوە دێت.

نووسراوە پیرۆزەکان پێمان نیشان دەدات کە شەیتان زۆر زۆرزانە و حەز دەکات خەڵك هەڵخەڵەتێنێ، هەروەها زۆر بەهێزە و دەتوانێ موعجیزە ئەنجام بدات. بەڵام، ئەوەی گومانی تێدا نیە ئەوەیە خودا زۆر بەهێزترە لە شەیتان. بۆیە، گۆچانەکانی هارون گۆچانەکانی سیحرباز و جادوکەرەکانی فیرعەونی قوت دا. هەرچەندە ئەم هەموو شتە وای نەکرد کە فیرعەون تۆبە بکات و گوێ لە ووشەی خودا بگرێت.

نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (دەرچوون ٧) [١٤]دواتر خوداوەند بە موسای فەرموو: (دڵی فیرعەون ڕەقە، ڕازی نییە ڕێ بە گەلەکە بدات. [١٥] بەیانی بڕۆ لای فیرعەون، ئەوەتا بۆ لای ئاوەکە دەچێت، لە کەناری نیل بۆی بوەستە و ئەو گۆچانەش کە بوو بە ماری شاخدار بەدەستتەوە بگرە. [١٦] پێی دەڵێیت، "خوداوەند خودای عیبرانییەکان منی بۆ لای تۆ نارد و فەرمووی، ڕێ بە گەلەکەم بدە با

بڕۆن و لە چۆڵەوانی بمپەرستن، بەڵام ئەوەتا تا ئێستا گوێ ناگریت. ١٧ خوداوەند ئاوا دەفەرموێت، بەمە دەزانیت من خوداوەندم، ئەوەتا
من بەو گۆچانەی بە دەستمەوەیە لە ئاوی نیل دەدەم و دەیگۆڕێت بۆ خوێن...

٢٠ موسا و هارونیش ئاوایان کرد، وەک ئەوەی خوداوەند فرمانی پێکردن. گۆچانەکەی بەرز کردەوە و لە ئاوی نیلی دا، لەبەرچاوی
فیرعەون و خزمەتکارەکانیدا. جا هەموو ئاوی نیل گۆڕا بوو بە خوێن. ٢١ ماسییەکانی ناو نیلیش مردن و نیل بۆگەن بوو،
میسرییەکانیش نەیانتوانی لە ئاوی نیل بخۆنەوە، خوێنیش هەموو خاکی میسری گرتەوە. ٢٢ جادووگەرە میسرییەکانیش هەمان شتیان
کرد بە ئەفسونەکانیان، دڵی فیرعەونیش ڕەق بوو و گوێی لە موسا و هارون نەگرت وەک خوداوەند فەرمووی. ٢٣ ئینجا فیرعەون
ڕووی وەرگێڕا و چووەوە بۆ ماڵەکەی و دڵی بەلای ئەمەشدا نەبرد. ٢٤ هەموو میسرییەکانیش دەوروبەری نیلیان هەڵدڕی بۆ ئاو
تا بیخۆنەوە، چونکە نەیانتوانی لە ئاوی نیل بخۆنەوە.

٢٥ حەوت ڕۆژ تەواو بوو دوای ئەوەی خوداوەند لە نیلی دا. ١ خوداوەند بە موسای فەرموو: (بڕۆ لای فیرعەون و پێی بڵێ، "خوداوەند
ئاوا دەڵێت، ڕێ بە گەلەکەم بدە بڕۆن تا بمپەرستن. ٢ ئەگەر ڕازی نەبیت و ڕێیان نەدەیت، لە هەموو خاکەکەت دەدەم بە بۆق.
٣ نیل بە بۆق هەڵدەچێت، سەر دەکەون و دێنە ناو ماڵەکەت و ژووری نووستنەکەت و سەر چوارپایەکەت، هەروەها دەچنە ماڵی
خزمەتکارەکانت و سەر گەلەکەت و بۆ ناو تەنوورەکانت و تەشتە هەویرەکانت. ٤ بۆق دێتە سەر خۆت و گەلەکەت و
خزمەتکارەکانت.)

بەڵام فیرعەون گوێی ڕانەگرت لە ئاگادارییەکانی موسا. (دەرچوون ٨) ٥ ئینجا خوداوەند بە موسای فەرموو: (بە هارون بڵێ، "بە
گۆچانەکەت دەست درێژ بکە بۆ سەر ڕووبارەکان و جۆگەلەکان و گۆماوەکان و بۆق سەر بخە بۆ سەر خاکی میسر.") ٦ هارونیش
دەستی درێژ کردە سەر ئاوی میسر و بۆق سەر کەوتن و خاکی میسریان داپۆشی. ٧ جادووگەرەکانیش هەمان شتیان کرد بە
ئەفسونەکانیان، بۆقیان سەر خستە سەر خاکی میسر. ٨ فیرعەون بانگی موسا و هارونی کرد و وتی: (لە خوداوەند بپاڕێنەوە تا بۆق لە
خۆم و گەلەکەم دوور بخاتەوە، منیش ڕێ بە گەلەکە دەدەم بڕۆن قوربانی بۆ خوداوەند سەر ببڕن.)... ١٢ ئینجا موسا و هارون لەلای
فیرعەون دەرچوون و موسا هاواری بۆ خوداوەند کرد لەبەر ئەو بۆقانەی بۆ فیرعەونی دانابوو... بۆقەکان لە ماڵەکان و حەوشەکان و
کێڵگەکاندا مردن... ١٤ جا کۆمەڵ کۆمەڵ کۆیان کردنەوە و زەوییەکە گەندەڵ بوو. ١٥ کاتێک فیرعەون بینی خامۆشی هاتە کایەوە،
دڵی ڕەق کردەوە و گوێی لە موسا و هارون نەگرت، وەک خوداوەند فەرمووی.

١٦ ئینجا خوداوەند بە موسای فەرموو: (بە هارون بڵێ، "گۆچانەکەت درێژ بکە و لە خۆڵی زەوی بدە،" جا خۆڵی زەوی دەبێتە
مێشوولە لە هەموو خاکی میسر.) ١٧ ئیتر ئاوایان کرد، هارون بە گۆچانەکەی دەستی درێژ کرد و لە خۆڵی زەوییەکەی دا، جا مێشوولە
هاتە سەر خەڵک و سەر ئاژەڵەکان، هەموو خۆڵی زەوییەکە بوو بە مێشوولە لە هەموو خاکی میسردا. ١٨ جادووگەرەکانیش بە
ئەفسونەکانیان هەمان شتیان کرد بۆ پەیدابوونی مێشوولە، بەڵام نەیانتوانی. جا مێشوولە لەسەر خەڵک و لەسەر ئاژەڵ مایەوە.
١٩ جادووگەرەکان بە فیرعەونیان وت، "ئەمە پەنجەی خودایە،" بەڵام فیرعەون دڵی ڕەق بوو و گوێی لێنەگرتن، وەک خوداوەند
فەرمووی.

بینیت چی بەسەر جادوکەرەکانی فیرعەون هات؟ پێشتر بینیمان چۆن هێزێکیان هەبوو، کە لە شەیتانیان وەرگرتبوو. بۆیە، لەڕێگای هونەرە نهێنیەکەیانەوە، توانیان لاسایی هێزی خودا بکەنەوە و هەندێك ئاو بگۆڕن بە خوێن، و وابکەن هەندێ بۆق بەدەربکەوێ. بەڵام، هێزی ئەوان سنووردار بوو. جادووکەرەکانی فیرعەون نەیاندەتوانی ئەو پەتایانەی خودای باڵادەست بەسەر خاکی میسردا هێنا بووی لاببەن. لەپاش ئەوەی هارون گۆچانەکەی کێشا بە زەویدا و خۆڵەکە بوو بە مێشوولە، جادووکەرەکان هونەرە نهێنیەکانیان ئەنجام دا و هەوڵیان دا خوڵی زەوی بکەن بە مێشوولە، بەڵام نەیانتوانی. بۆیە، بە فیرعەونیان ووت، (ئەمە پەنجەی خودایە)

زۆر ڕوونە کە هێزی جادووکەرەکان سنووورداربوو. بێ گوومان، شەیتان هێزی هەیە و دەتوانێ هەندێك هێز بە مرۆڤ ببەخشێ، بەڵام ئەو

هێزانە هەرگیز ناتوانێ لەو سنوورانە تێپەڕی کە خودا دایناوە. تەنها خودا بەهێزترین کەسە. تەنها ئەو دەتوانێ هەموو شتێك بكات! هەر ئەو بەتەنها بێ سنوورە! جادووكەرەكانی فیرعەون خەریك بوو تێ دەگەیشتن مەزنی بێ سنووری خودا چەندە، بەڵام فیرعەون هێشتا نایەوێ مل کەچی خودا ببێت. فیرعەون بەردەوام بوو لە دڵ ڕەقی و پێی وابوو کە دەتوانی دژی خودای ئیسرائیل ڕاوەستێ و بیباتەوە! بۆیە، نووسراوە پیرۆزەكان پێمان دەڵێت چۆن خودا بەدەستی موسا و هارون حەفت پەتای تر بەسەر فیرعەون و خاكی میسردا دێنێ.

چوارەم پەتا پێك هاتبوو لە مشكی زۆر کە خاكی پڕ کردبوو، تەنانەت ناو ماڵی خەڵكی و بۆ هۆی وێرانكارییەكی زۆر. لە پێنجەم پەتاش، نەخۆشییێكی زۆر خراپ لە مەڕ و ماڵاتی دابوو، و زۆربەیان مردن. بەڵام، یەك دانەش لە مەڕ و ماڵاتی گەلی ئیسرائیل نەمرد. لەگەڵ ئەوەشدا، فیرعەون دڵی ڕەق دەبوو و نەیدەهێشت گەلی ئیسرائیل بڕوات. پاشان، دومەڵێكی زۆر خراپ بڵاو بووەوە لەنێو مرۆڤ و ئاژەڵدا. نووسراوە پیرۆزەكان دەفەرموێ: جادوگەرەکانیش نەیانتوانی لە بەرامبەر موسا بوەستن لەبەر دومەڵەکان، چونکە دومەڵەکان لە جادوگەرەکان و لە هەموو میسرییەکاندا بوو. (دەرچوون ٩: ١١) لە پەتای حەفتەمدا تەزرەبارینێكی ترسناك، كە پێشتر تەزرەی وا گەورە نەباری بوو لە میسر، بەردەوام باری و هەموو كێڵگەكانی تێك دا. لەپاش ئەوەی ئەوە تەواو بوو، خاكەكە پڕ بوو لە كولله، كەوا هەموو پاشماوەی كێڵگەی خوارد. ئەمە پەتای هەشتەم بوو.

لە پەتای نۆیەم، خودا بە موسای فەرموو: (دەستت بۆ ئاسمان درێژ بکە با تاریکی باڵ بەسەر خاکی میسردا بکێشێت، کە چاو نەبینێت.) (دەرچوون ١٠: ٢١) بۆیە، بۆ سێ ڕۆژ كەس نەیتوانی هیچ ببینێ. بەڵام، لەو پارێزگایەی گەلی ئیسرائیل لێی دەژیان ڕووناكی هەبوو. تەنانەت یەك پەتاش تووشیان نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەموو شتەش وای نەكرد فیرعەون تۆبە بكات و واز لەگەلی ئیسرائیل بێنێت بڕۆن. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: فیرعەونیش بە موسای وت: (لەلام بڕۆ، ئاگاداری خۆت بە نەیەیتەوە بەرچاوم، چونکە ئەو ڕۆژەی ڕووم ببینیت دەمریت.) (دەرچوون ١٠: ٢٨) پەتایەكی تر هەیە كە خودا بەسەر فیرعەون و میسریەكانی دا هێنا، بەڵام چاوەڕێی وانەی داهاتوو دەكەین تا بەردەوام دەبین لەم چیرۆكە سەرنج ڕاكێشە.


چۆن دەتوانین وانەیمان كورت بكەینەوە؟ ڕەنگە بەم شێوەیە: فیرعەون ویستی شەڕ بكات دژ بە پەروەردگار خودا. ئایا فیرعەون و جاودوگەرەكانی توانیان زاڵ بن بەسەر خودای باڵادەست؟ توانیان بەسەر هێزی بكەون؟ نەخێر! كەس ناتوانێ بجەنگێ لەگەڵ خودا و بیباتەوە! بەری ڕۆژ ناكرێ بە بێژنگ بگیرێ.

ئەی خودا دەیەوێ چیمان پێ بڵێ لە ڕێگای ئەوەی ئەمڕۆ خوێندمانەوە؟ نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: جا ئەم شتانەیان وەک پەند بەسەرهات، بۆ ئاگاداری ئێمەش نووسراوە، کە کۆتایی ڕۆژگار بۆمان هاتووە. (١ كۆرنسۆس ١٠: ١١) خودا دەیەوێ ئاگادارمان بكاتەوە. خودا دەیەوێ باش تەماشای خۆمان بكەین و ئاوڕ لە ئاگادارییەكانی بدەینەوە.

ئایا سەرنجی ووشەی خودا دەدەی؟ یاخود تۆش وەك فیرعەون، شەڕ دەكەی لەگەڵ خودا؟ با دڵی خۆت وەڵام بداتەوە. ئایا مل كەچی ووشەی خودا بوویتە؟ ئەمە مانای ئەوە نیە كە ئایا مل كەچی داب و نەریتی باووباپیران و ئاین ئەوان بووی، بەڵكو مانای ئەوەیە ئایا بە ووشەی پەروەردگار خودات بە سینگێكی فراوانەوە وەرگرتووە؟ یاخود نیازت وایە شەڕ بكەی لەگەڵ خودا؟

(بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیرێ!) مرۆڤ وەكو بێژنگ وایە و ووشەی خوداش وەك ڕۆژ. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: هەموو مەرۆڤێک وەک گژوگیا وایە و هەموو شکۆیەکەی وەک گوڵی دەست وایە. گژوگیا وشک دەبێت و گوڵ هەڵدەوەرێ، بەڵام وشەی خوداوەند تاهەتایە دەمێنێت. ئەمەش ئەو وشەیە کە پێی موژدەتان درایێ. (١ پەترۆس ١: ٢٤، ٢٥) ووشەی خودای تاهەتایی وەك بەردێكی پتەو وایە و هەر كەسێ ژیانی لەسەر بنەمای ئەو بەردە بنیات بنا ئەوا ژیانی خۆی لەسەر بنەمایەكی پتەو دادەنێ. بەڵام، ئەگەر ڕەتی بكەیەوە ژیانت لەسەر ئەو بەردە بنیات بنەی — ئەوا ڕۆژێك بەردی ووشەی خودا بەسەرتدا بەردەبێتەوە و پانت دەكاتەوە. ناكرێ بەری ڕۆژ بە بێژنگ بگیرێ، و ناكرێ مرۆڤیش ڕك بەرکێی ووشەی خودا بكات و قوتاری بێت لە سزادان.

پەنا بە خودا بۆ وانەی داهاتوو، دەبینین پەروەردگار چی کرد کە وا لە فیرعەون بکات واز لە گەلی ئیسرائیل بێنێت لە میسر دەرچن خوداش بە بەرەکەتت بکات کاتێ بیر دەکەیتەوە لەوەی موسا لە تەورات نووسیویەتی، کە دەڵێ: **چیایە، کردارەکانی تەواوە، چونکە هەموو ڕێگاکانی دادپەروەرە، خودایەکی دڵسۆز، ستەمکاری تێدا نییە، ڕاستگۆ و ڕاستە ئەو.** **(وتەکان ٣٢: ٤)**



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. ئایا دەکرێ بەری ڕۆژ بە بێژنگ بگری؟ دەتوانین چی بڵێین دەربارەی ئەم هەموو شتە؟

٢. سیحرباز و جادووکەرانی فیرعەونیش موعجیزەیان ئەنجام دا. ئەو هێزەیان لە کوێوە بۆ هات؟

٣. بینیت چی بەسەر جادوکەرەکانی فیرعەون هات؟

٤. چۆن دەتوانین وانەمان کورت بکەینەوە؟ ئایا فیرعەون و جاودوکەرەکانی توانیان زاڵ بن بەسەر خودای باڵادەست؟ توانیان بەسەر هێزی بکەون؟

٥. ئەی خودا دەیەوێ چیمان پێ بڵێ لە ڕێگای ئەوەی ئەمڕۆ خوێندمانەوە؟

٦. ئایا سەرنجی ووشەی خودا دەدەی؟ یاخود تۆش وەك فیرعەون، شەڕ دەکەی لەگەڵ خودا؟

٧. ئایا مل کەچی ووشەی خودا بوویتە؟ ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئایا مل کەچی داب و نەریتی باوباپیران و ئاین ئەوان بووی، بەڵکو مانای ئەوەیە ئایا بە ووشەی پەروەردگار خودات بە سینگێکی فراوانەوە وەرگرتووە؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**

**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998}بەخەش کراوەتە.

**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای راستودروستی**
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org